# کوردستان چاوەڕێی تینە

**ڕانانی : نەرمین عەلی**

ناونیشانی کتێبەکەی ستران عەبدوڵڵا سەردەمێکمان بیردەخاتەوە، کە خەڵکی کوردستان لەسەروبەندی ڕاپەڕیندابوون دژی ڕژێمی بەعس و ئەوکات ئێزگە کوردییەکان خەڵکیان بەدەستەواژەی تایبەت و نەتەوەیی خەڵکیان هاندەدا، کە دژی زوڵم و زۆری بەعس بوەستنەوە، بەڵام ئەم ناونیشانەی ئێستا کە نووسەر لەم کتێبەدا ئاماژەی پێکردووە، کە کورد پێویستی بە گوڕ و تینێکە بۆ بەخۆداچوونەوە لە ئەدای بەڕێوەبردنی وڵات و حکومەت، چونکە وەك خۆی دەڵێ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەستانەی گۆڕانکارییەکی گەورەدایە، کە ئەم گۆڕانکارییە دامێنی مەسەلەی کورد و کوردستانیش دەگرێتەوە، هەروەك چۆن گۆڕانکارییەکان لە سەرەتاوە ناوخۆیی بوون، بەو مانایەی ڕژێمە سیاسیەکانیان دەخستە بەردەم تاقیکردنەوەی میللەتانبانەوە، کە داخۆ تاچەند خۆیان ڕادەگرن؟ یان خۆیان دەگۆڕان یان دەکەون؟ بەهەرحاڵ ئەمانە ناونرا بەهاری عەرەبی، بەڵام ئەوە جێی ستایشە کە ئەم بەهارە زۆرێك لەو وڵاتانەی گرتوەتەوە و، دیکتاتۆرەکانی ڕامالێوە ، وەك نووسەر دەڵێ جیاوازی مەسەلەکان لەوێوە دەستپێدەکات کە کێ لە جێی دیکتاتۆر دادەنرێت، ڕژێمی گەلی؟ ڕژێمی دیموکراسی، دەبێتە پەیژەیەك کە ڕەوتە میللیەگەرا دینیەکان دەست بەسەر دام و دەزگای دەوڵەتدا دەگرن؟




جوڵەی مێژوو لە گەلێك ئەزموونداا پێماندەڵێت ساتەوەختی مێژوویی ناوەکەی بە فۆرمەوەیەتی، مێژوویەکە و کەم دووبارە دەبێتەوە و، ئەگەر لەسەرییەك دووبارەبوویەوە توخمی موفاجەئە لە دەستدەدات و دەبێتە ڕووداوێکی ئاسایی، بەڵام بە دووبارەبوونەوەی دژە ئاراستەکان لە نهێنیەکانی تێدەگەن و کەرەستەی بەرەنگاریشی بۆ دابین دەکەن.

دواتر باس و خواسێکی دورودرێژ لەسەر بەهاری عەرەبی ، ئەوجا دێتەسەر کوردستان و ئاماژە بە ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن و ئیسلامیەکانی کوردستان دەکات پێوایە ئەوەی گۆڕان کردی تەکتیك بوو بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین هێز دژی یەکێتی ئەوەی ئیسلامییەکانیش بەدەستیانهێنا، بریتی بوو لە پراکتیزەکردنی ستراتیژێك بۆ کۆکردنەوەی شارەزایی و پەیداکردنی وزەی یەدەك بۆ ڕۆژی خۆی، ئەم وزە خۆراییە گۆڕان بە ئیسلامیەکانی دا نەفسی ئیسلامییەکانی گۆڕیوە و لوتبەرزی کردوون، لوتبەرزییەك گەورەتر لە قەبارەی خۆیان و دەنگ و هەڵبژاردنەکانیش، بۆیە پێیوایە ئەگەر هەنگاوی گەورە نەنرێت زۆر دوور نییە کۆششی ئیسلامی سیاسی چەند قات بێتەوە ، ئەمەش مەترسیە بۆ ئایندەی کوردستان، مەترسیەکەش لەوەنیە کە ئیسلامییەکان بێنە سەرحوکم، هەڵبژاردن ، یان هەژمون؟ بە هەڵبژاردن بێت مەرجەکانی گەمەکە قبوڵدەکەن، کە درێژە بە یاری دیموکراتی هەڵبژاردن بدەن، یان دەستکاری بە مەرجەکانی دەکەن.

کوردستان چاوەڕێی تینە، نوسینی ستران عەبدوڵڵا لەلایەن چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی بە قەبارەی (175) لاپەڕە لە چاپدراوە.